# دیریدا
# فەیلەسوفی هەڵوەشاندنەوە

جەمال پیرە

"ئەگەر بەراست هەڵوەشاندنەوە روخێنەرە، با بونیاتە کۆنە شێواوەکان بڕوخێنیّ لە پێناو سەرلەنویّ یونیاتنانەوەدا" ( ژاك دیریدا)

ژاك دیریدای پێشەنگی فەلسەفەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی هاوچەرخ، ئەو کەسەی کە شەش مانگ بەر لە ئێستا بۆ تا هەتایە ماڵئاوایی کرد، دەکریّ پێمانوابیّ کە تەنها فەیلەسوفێکی هاوچەرخە لەدوای خۆیدا زۆرترین مشتومروهەرا دەنێتەوە، بەو پێیەی کە خۆی پێشەنگی سەرجەم گۆڕانە فیکرییەکانی سەردەمی خۆی بووەو لە ئاست هەموو گۆڕانەکانی تری بوارە ژیارییەکاندا قسەی خۆی هەبووەوبێدەنگ نەبووە. لەبەرامبەریاندا بە زاراوەی فەلسەفییانە گومان دەکات بیٚئەوەی لە دیالۆگ لەگەڵ میتافیزیقیادا دابڕیّ، لەسەرووی هەموویاندا دیریدا دژایەتییەکی سەرسەختی تاك مانایی دەقەکانی دەکرد بە شێوازە هەڵوەشاندنەوەییەکانی خۆی سەرجەم گریمانەوگومانەکانی تێکشکاند، لە راستیدا لەبەر ئەم شێوازە نوێیەی بیرکردنەوەکانی رەخنەگرو لێکۆڵەرێکی زۆر دژایەتیی بۆچونو تیۆرە رەخنەییەکانیان دەکردلەسەر ئاستی ئەکادیمیی فیکریی خۆیدا، جگە لەوەی کە دیریدای فەرەنسیو جولەکە لەلایەن فەرەنسیەکانەوە بە کەسێکی ئەمەریکیو سیاسی لەقەڵەم دەدرا، تەنانەت لە دوا چاوپێکەوتنەکەیدا کە گفتوگۆیەکی درێژە لەگەڵ رۆژنامەی لۆمۆندی فەرەنسیدا دوو مانگ بەر لە مردنی بۆ دواهەمین جار قووڵی فەلسەفەکەی خۆی بەدەردەخات کە لە راستیدا هەموو کات مایەی تێرامانو هەڵوەستەکردنە، دیریدا لەویّ دەڵیّ"من لەگەڵ خۆمدا لە شەڕ دام"و قسە لە ئایینی یەهودی دەکاتو باس لە جولەکەبوونی خۆی دەکات هەروەها لە کێشەی عەرەب جولەکە ، توانیویەتی رەگوریشی کێشەکانی

خۆی لەگەڵ ئایینەکەیدا هەڵتەکێنێ ، بەبڕوای من دوا گفتوگۆکەی هەلێکی باشە بۆ گرتنەوەی ئاراستە فیکریی وفەلسەفییەکانی دیریدا ، ئەگەرچی تا ئێستا خوێنەری ئێمە نەیخوێندۆتەوە بەو پێیەی کە وەرنەگێردراوەتە سەر زمانی کوردی تەنانەت وەرنەگێردراوەتە سەر زمانی عەرەبیش جگە لەو کورتکراوەیەی گفتوگۆکە بە زمانی عەرەبی کە زۆر نامەسئولانە ئەوەی کە لە بەرژەوەندی خۆیان بێ وەریانگێڕاوە بۆ نموونە قسەکانی دژ بە جولەکە لەلایەن خۆیانەوە ئیبرازکراوە بەڵام نەهاتوون وەکو خۆی وەریگێڕن کە کۆمەڵێك راو بۆچونی فەلسەفیی زانستی تێدایە، ئەوەی راستی بێ ناوبانگی دیریدا کە لە ئاسۆدا دەرکەوت نەك لەبەر ئەوەی کە فەیلەسوفێك یان مێژوونوس وبیرمەندێکە بەڵکو لەبەر ئەوەی کە رەخنەگرێکەو دەیەوێ بونیاتەکان لە پێناو بونیاتنانەوەیەکی راستدا هەڵوەشێنێتەوە،هەروەك کە ئەمە حاڵی ئەم چەرخە بوو تیایدا بە فراوانی ناکۆکیی و دژەکان لە زۆربووندا بوون، بەرهەمەکانیش بە هەموو ئەو ناکۆکییانەی کە لای هەر یەکێ لەوەی کە راشکاوانە لە هەوڵ و کۆششی زەینی وئەزموونی و بونیاتیدایە بۆ هەڵوەشاندنەوەیەکی رەخنەییانە،بە شێوەیەك کە هەرگیز ناکرێ لەو میتۆدە رەخنەییەی ژاك دیریدا دوور بکەوێتەوە، دیریدا پێیوایە کە شارستانییەتی ئەورووپیی سەراسەر شارستانییەتێکی رەگەزپەرستی گڵبووەوەیە لە نێو خۆیداو بە چاوێکی سوك لە کلتورەکانی تر دەڕوانێ لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین کە میتۆدی هەڵوەشاندنەوە مۆرکێکی شۆڕشگێڕانەو ئینقلابیانەی لەخۆوە گرتووە، ئەم بۆچوونەی دیریدا بێگومان کۆنزەرڤاتیڤەکانی هزری ئەورووپی لە رادەبەدەر بێزار کردبوو، پێیان وابوو کە جۆرێکە لە دوژمنایەتیکردنی ئەو شارستانییەتەی خۆیان کە زۆر شانازی پێوە دەکەن، راستیەکەیشی ئەوەیە کە دیریدا تێکەڵ بە تێکۆشانێکی کردارەکییانە بووە دژ بە رەگەزپەرستێتی، ئەمەش لەگەڵ ئەو بڕوایەی مەبەستدایە بەرەو هەڵوەشاندنەوەی ئایدیۆلۆژیای رەگەزپەرستی

یا میتۆدییەتی خۆرئاواگەرایی لەسەر ئاستێکی فەلسەفییانەدا، دیریدا لەساڵی ١٩٩٣ دا کتێبێك بە ناونیشانی(تارماییەکانی مارکس) دەردەکات، لەم کتێبەدا وەڵامێکی راشکاوانەی تیۆرەکەی (فرانسیس فۆکۆیاما) دەداتەوە، ئەوەی کە لە"کۆتایی مێژوو"دا بانگەشەی سەرکەوتنی دیموکراتییەتی لیبرالیی دەکات، لەوێدا دیریدا دەڵێ دیموکراتییەتی لیبرال لەسەرجەم وڵاتانی دنیادا سەرنەکەوتووە، تا بتوانین بانگەشەی بە کۆتا هاتنی مێژوو بکەین، بە تایبەت کە نەیتوانیوە چارەسەریی کێشەی هەژاریی و نەداریی کۆمەڵایەتی بکات تەنانەت لە ناو خودی کۆمەڵگا خۆرئاواییەکانیشدا ، بەم شێوەیە چۆن دەتوانین جاڕی کۆتایهاتنی مێژوو بدەین؟ لەگەڵ ئەوەی دیریدا گومان لە خێروبێرو لایەنە پۆزەتیڤەکانی دیموکراتییەتی لیبرال ناکات بەڵام جەغد لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بێ کەموکوریی نییە، هەر لەم کتێبەدا دیریدا بۆ ریسواکردنی سەرمایەداری خۆرئاواگەرای هاوچەرخ داوا دەکات کە بۆ لای مارکس بگەڕێینەوە، لەلایەکی تر کاریگەریی فەلسەفەی دیریدا بەسەر رەخنەی ئەدەبییەوە کاریگەرییەکی ئاکتیڤانەی دیارە، بەڵام تا رەخنەگرانی یێل لێکدتنەوەیان لەسەر نەکرد ئەم کاریگەرییە وەکو خۆی بەدەر نەکەوت بەتایبەت پۆل دیمان ، دیمان پەیوەندی نێوان ئەدەبوفەلسەفە وێنا دەکات بەوەی کە دەڵێت "ئەدەب بووە بە بابەتی بنەڕەتی فەلسەفەو نموونەیەکە لە شێوەی (راستییەکان) یاخود راستییەك کە فەلسەفە لەهەوڵی گەیشتنیدایە" ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێ کە ئەدەب بێئەرك نییە بەڵکو خوێنەر بەرەو واقیعیی راستەقینەی دەرەوەی زمان دەبات کە پێناسەیەکی خەیاڵاوییە، مێژووی فەلسەفەش بەپێی بۆچونی دیمان سەفەرێکی دوورودرێژی ئیحالەکردن و ئیحالەگەراییە، هەروەها بۆ ناوکۆییەك کە لە خودی هۆشیارییەوە دوور بێت، یاخود کە فەلسەفە لە سەرچاوەی رەوانبێژییگەریی و خودی زانستی رەوانبێژییەوە لەسەر بنەماکانی خۆیدا بەردەوام بووە، دیمان لێرەدا پشت

بەم گوتەیەی دیریدا دەبەستێت کە دەڵێ" دەکرێ پێمان وابێ ئەدەب جوڵەیەکی هەڵوەشاندنەوەی خودییە بۆ دەق، کە لەیەککاتدا واتایەکمان دەداتێ و لەدوایشدا هەڵیدەوەشێنێتەوە" ئەدەب نزیکترین شتێکە بۆ گەیشتن بە جیاوازیی، دیریدا رەخنە لە میتافیزیقای خۆرئاواگەرا دەگرێ ئەو کە فەیلەسوفیی جیاوازییە بەو میتۆدە هەڵوەشاندنەوەییانەی خۆی گومان دەکات، لەهەمانکاتدا بونیادو پێکهاتەکانی زمان هەڵاوێرد دەکات پێیوایە کە زنجیرەیەکی بێکۆتاییە لە وشە کە جگە لە سیاقی زمان خۆی هیچ بنەمایەکی تری نییە، ئەمەش رێنمایە بەرەو ئەنجام، بایەخ و ستراتیژیای هەڵوەشاندنەوەش لێرەوە بە شێوەیەك لە شێوەکان دەردەکەوێت ئەوەی پەیوەندی هەیە بەو پەیوەندییەی نێوان نوسین و ئاخافتنەوە یان رێك دەتوانین بڵێین لە پرۆسەی هەڵوەشاندنەوەدا دەکرێ هەموو مانایەك بە شێوەیەکی ناکۆتایی دوا بخرێ یا وشە سیستمێکی تری دەلالی زمانەوانی هەڵگرێ، بێئەوەی لەسەر مانایەکی دیاریکراودا بە شێوەیەکی کۆتاییانە بوەستێن، هەر ئەمەش وای لە دیریدا کرد کە سنورێك بۆ هزری لەئارابوون(ئامادە بوون) دا بنێ چونکە پێیوایە کە کەسی وەرگر(المتلقی) بەدوای مەدلولێکی دیاریکراودا دەگەڕێ کە واقیعێکە لەژێر سایەی هزری لەئاراییدایە بگرە ملکەچییەتی، بۆیە ئەو ئامانج و ویستەی دیریدا کە دەیەوێ بەدەستی بێنێ ئەوەیە کە دەبێ گوتار،گوتاری ئەدەبی بە تایبەت لە رێگەی وشەوە بەتەنها تەیارێکی بێکۆتایی لە ئاماژەو دەلالەتەکاندا بێ، کە ئەمەش بەرەو لەدایکبوون و هاتنەئارای بەردەوامی(مانا)مان دەبات، لەبەر دەرخستنە ئاماژەییەکانی خۆی نا،بەڵکو لەبەر جیاوازییە بەردەوامییەکانی ماناکانی تر، ئەگەر ئەم مانایانە جێگیریی و سەقامگیریی بەخۆیانەوە نەبینن، ئەوا لە نێو سیستمی جیاوازییدا بەدواخراوی دەمێنێتەوەو مەحکومیش دەبێ بە جوڵەیەکی ئازادی ئاسۆیی وستونی بەبێ چاوەڕێبوونی کۆتاییەکی دیاریکراو بۆ مانا،

دەلالەتی(جیاوازی) لەسەر دوو جەمسەری دەلالی بنەڕەتییەوە ڕێکدەخرێ، ئـەوانیش: (جیـاوازی)و(دواخسـتنن) بەچاوپۆشـی لـە جەمسـەرە مامناوەندییـەکانی دەوروبەرییانـەوە، ئـەم دوو جەمسـەرە لـە میتـۆدی هەڵوەشاندنەوەدا بیرۆکـەی تـەریببوون نایەننە ئاراوە یەوەی کە ئامانجی هەڵوەشـاندنەوەی ئـەم دووانەییانـە بێـت کـە میتافیزیقیـا بەرهـەمیهێناون، لەبـەر ئەمـە دیریـدا سـوور دەبـێ لەسـەر کۆکردنـەوەی سـەرجەم جەمسـەرە دەلالییـەکان کـە لەگـەڵ گوتـەی"جیـاوازی"دا ململانـێ دەکـەن تـا لێیانـەوە سـێنتەرێکی بـە جەمسـەربوونی دەلالییانـە دروسـت بێـت، دیریـدا بـە هـۆی"جیاوازی"یـەوە گفتوگـۆی لەسـەر ئاسـتی جیاجیای زمـانو فەلسـەفە بەرێوە دەباتو دیدگای خۆی دەربارەی لەئارابوونو غیـاببوون دادەڕێـژێت، ئـەو پێیوایـە ماناکـان لەپرۆسـەی نووسـینو خوێندنـەوەدا لـە جیـاوازی بەردەوامـدان، ئاسـتەکانیلەئارابوونو غیـاببونیش بـە دیالێکـت لـە نێـو ئاسۆی جیاوازییدا دەست پێدەکات، دیریدا دەگاتـە ئەو بڕوایەی کە بڵـێ جیـاوازیی کـردەی ئاخـافتنی ناوخۆییـە، ئاخـافتنی دەربـڕاو جیـاوازی بـەردەوامی نێـوان وشـەی دەربـڕاو پێکـدێنێ کـە زۆربـەی جـار بەسـەر دالی دەنگیی و مەدلولـدا دابەشـدەبێت، لەسـەر ئـەو گوتەیـەی سۆسـێر کـە دەڵـێ سیستمی خودیی ئاخافتن لە جیاوازی نێـوان ئامـاژەکانـەوە سـەرهەڵدەدات، زیاتر لەوەی لە چڕیی یەکـەکانی مانـاوە سـەرهەڵبدات ، ئامـاژە, دەلالـەت لـە شتێك ناکات وەك خۆی، بـەڵکو دەلالـەت لـە ئاخافتنـەوە نـەبێ نایەتـە دی، بەوپێیـەی کـە لـەئارابوونێکی خـودیی راسـتەوخۆیە، ڕۆڵێکـی سـەرەکیی دەبینـێ لـە کـوڵینی دەلالییانـەدا، وەزیفـەی جیـاوازیش لـە بەرنامـەی هەڵوەشـاندنەوەدا بـوو بـە هـۆی ئـەوەی کـە دیریـدا وێناکردنەکـەی خـۆی دەربـارەی نووسـینی سـەرەتایی بخاتـە ڕوو کـە شـێوازێکە لـە نووسـینی رابردوو، لەوێوە نموونەیەکی وێناکراوی خودی نووسین پێکـدێنێو لەسـەر مەعریفەیـەك وەسـتاوە، بۆچـونی دیریـدا بـۆ (نوسـین) لـە سـتراتیژیای

هەڵوەشاندنەوەگەراییدا لەرینەوەیەکی میتافیزیقیای لەئارابوونە(ئامادەبوون) نەك جۆرێك لە بیرکردنەوەی پێچەوانەیی کە جارێکی تر قەبوڵی بێ لەچوارچێوەی بونیاد دا خۆی ببینێتەوە، لێرەدا دیریدا پێ لەسەر نامەفهومییەتی نوسین دا دەگرێ، لەراستیدا لەئارابوون و ئامادەبوونێکی نوێ نییە، نوسین یا کۆمەڵێك سیمای چاکی نوسین یاخود نوسینی نموونەیی لەبەیانی نوسیندا جێبەجێ ناکرێت، هەروەها ئاماژە بە شوێنی بەرهەمهێنانی سەرەتایی دەکات کە ئاخافتنی تیا دا بەدەردەکەوێت، هەروەك کە دەقی نوسراویشی تیا دەردەکەوێت ئەوەی راستی بێ هاتنە ئارای نوسین هاتنە ئارای گەمەکانە...

سەرچاوەکان:


١- دیریدا و نقد المیتافیزیقا الغربیە. د.عبدالله ابراهیم

٢- مدخل الی تفکیکیە جاك دیریدا, مجلە افق الثقافة, محمد مصطفی علی

٣- دیریدا رائد الفلسفە التفکیکیە المعاصرە. د. سیار الجمیل

٤- The last interview of Jacques Derrida with Le monde, T, Robert Knafo

٥- Continental philosophy in the 20th century, Richard Kearney